OIKEUSMINISTERIÖ
JUSTITIEMINISTERIET

وەزارەتی داد

# زانیاری دەربارەی مافەکانی قوربانیەکانی تاوان

لەم نامیلکەیەدا بە شێوەیێکی کۆکراو باسی ئەو شتانە دەکرێت کە قوربانیەکانی تاوان چۆن مافیان هەیە زانیاری لە کاربەدەستان وەربگرن. زانیاریەکان دەتوانن بە پێی پێویستیەکانی قوربانی، بارودۆخەکانی تاکەکەسیيان و هەروەها چۆنیەتیی تاوانەکە بگۆڕن. زانیاریەکانی پەیوەندیکردن و لینکەکان بۆ زانیاریی زیاتر لە دوای ئەم نامیلکەیەدا پەیدا دەبن.

## ١ تۆمارکردنی ڕاگەیاندنەوەی تاوان

گرینگە کە قوربانیی تاوان تاوانەکە بە پۆلیس ڕابگەیێنێت. ڕاگەیاندنەوەکە دەبێت لە زووترین کاتدا بکرێت، بۆ کە لێکۆڵینەوەی تاوانەکە ئاسان بێت. هەروەها مەرجی وەرگرتنی قەرەبووش ئەوە یە کە ڕاگەیاندنەوەی تاوان کراوە. ڕاگەیاندنەوەکە دەتوانێت بۆ نموونە لە شوێنی ڕووداوەکە بە پۆلیس، بە سەردانی بنکەی پۆلیس یان لە تاوانەکە سووکەکان دا بە ڕێگای ئینتەرنەت یان تەلەفۆن بکرێت. قوربانی مافی هەیە کە وەکو بەڵگەی ڕاگەیاندنەوەی تاوان نامەیێک وەربگرێت.

## ٢ یارمەتی بۆ قوربانیی تاوان

قوربانیی تاوان ڕەنگە پێویستیی بە بژیشک یان خزمەتی دیکەی چاودێریی تەندوروستی و کۆمەڵایەتی هەبێت، بۆ نموونە خزمەتی فریاکەوتن، چارەکردنی لە نەخۆشخانە یان چاککردنی لاشی یان دەروونی. قوربانیی تاوان دەتوانێت ئەم خزمەتانە وەکو هەر کەسێکی دیکەش بە کار بێنێت.

زۆر ڕێکخراو هەن کە یارمەتی، ڕاوێژکاری و ڕێبەرایەتی بە قوربانیی تاوان دەدەن. خزمەتی فریاکەوتنی قوربانیانی تاوان هەموو جۆرێکی یارمەتیی پەیوەندی بە تاوان و پرۆسەی دادی دەدات و هەروەها ڕاوێژکارە بۆ قوربانیانی تاوان لە مافەکانیاندا. قوربانیانی توندوتیژیی خێزانی دەتوانن داوای پاراستن و یارمەتی لە بنکەکانی ئاسوودەیی بکەن و یارمەتی بۆیان هەیە بە تەلەفۆن و بەر سەردان. لە هەندێک شاریش یارمەتیی تایبەت بۆ قوربانیانی تاوانەکانی زایەندی و ژنانی کۆچبەر دەبەخشرێت. بۆ قوربانیانی بازرگانیی بە مرۆڤ سیستەمێکی یارمەتیکردنی تایبەت هەیە کە بە هەندێک شەرت و مەرج. ئەگەر قوربانیی تاوان ڕوخسەت بدات، پۆلیس یان کاربەدەستێکی دیکەی بەرپرسیار لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەتوانێت زانیاریەکانی پەیوەندیکردنی قوربانیەکە بە بنکەی خزمەتگوزاری بدات و ئەوان دەتوانن لەوێوە پەیوەندی لەگەڵی بکەن.

قوربانی مافی هەیە کەسێکی یارمەتیدەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری یاسایی دا بەکاربێنێت. قوربانی دەتوانێت ئەو کەسەک وەکو یارمەتیدەری خۆی داوا بکات کە بە خۆی دەیەوێت. بۆ نموونە ل خزمەتی فریاکەوتنی قوربایانی تاوان دەتوانێت داوای یارمەتیدەرێکی شارەزا بە خۆرایی بکرێت. یارمەتیدەرەکە دەتوانێت لە لێپرسینەوەکان و لە دادگێڕی دا ئامادە بێت، بەڵام لە هەندێک بواردا مومکینە کە ئامادەبوونی بەسینۆر بکرێت.

## ٣ یارمەتی دادی

قوربانیی تاوان مافی هەیە لە ڕاگەیاندنەوەی تاواندا، لە لێپرسینەوەدا و لە دادگێڕی دا یارمەتیدەرێکی دادی بەکاربێنێت. یارمەتیدەری دادی دەتوانێت پارێزەر، یارمەتیدەری گشتیی دادی یان یارمەتیدەرێکی دادگێڕیی دەستووردراو بێت.

کەسانی کە داهاتیان کەم یان ناونجی بێت، دەتوانن یارمەتیی دادی لە دەوڵەت وەربگرن. لەو کاتەدا تەواوی یان بەشێک لە موچەی پارێزەرەکە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێت. یارمەتیی دادی دەتوانێت لە نووسینگەی یارمەتیی دادی یان بە ڕێگای خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنیکی داوا بکرێت. قوربانیی تاوان دەتوانێت داوا لە پارێزەرەکەی خۆی بکات بۆ کە لە سەر ناوی داوای یارمەتیی دادی بکەن.

دادگا دەتوانێت یارمەتیدەرێکی دادی یان کەسێکی دیکەی یارمەتیدەر بۆ قوربانیی تاوان دیار بکات، ئەگەر بابەتەکە لە سەر تاوانێکی توندوتیژیی خێزانی، زایەندی یان تاوانێکی دیکەی جددیی دژ بە گیان، تەندوروستی یان ئازادیی تاکەکەسی بێت. لەو بارەدا موچەی یارمەتیدەرەکە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێت جا داهاتی قوربانیی تاوان چیش بێت.

## ٤ پاراستنی قوربانیی تاوان
هەندێک جار ڕەنگە قوربانیی تاوان تووشی ترساندنەوە، تۆڵەسەندنەوە یان ئازارەکانی زیاتری بە هۆی پرۆسەی دادگێڕیی تاوان ببێت. گرینگە کە قوربانیی تاوان باسی ئەم کێشەیانە بۆ کاربەدەستان بکات. کاربەدەستان بیر لەسەری دەکەن کە ئایا قوربانیەکە پێویستیی بە پاراستنەوە هەیە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی یان لە دادگێڕی دا و چی خەباتێکی پاراستنەوە بۆی پێویست دەکات. هەڵسەنگاندنەوەی بارەکە لەگەڵ قوربانیەکە دەکرێت و لە بڕیاردانەوەدا تایبەتمەندیەکانی قوربانیەکە، بارودۆخەکە و چۆنیەتیی تاوانەکە لە بەر چاو دەگیرێن.

لە هەندێک باردا مومکینە لە دادگێڕی دا لە پشت پەردەوە، بە ڕێگای ڤیدیۆوە یان بە شێوەیێکی دیکەی دوور لە تۆمەتبار کراو یان جەماوەرە قسەکانی بگیرێن. لە هەندێک باردا مومکینە قسەکانی قوربانیەکە بگیرێنە سەر ڤیدیۆ و ڤیدیۆیەکە لە دادگێڕی دا پیشان بدرێت، بۆ نموونە ئەگەر قوربانیەکە تەمەنی لە ژێر ١٨ دا بێت.

بۆ پاراستنەوەی ژیانی تاکەکەسیی قوربانیەکانی تاوان، دادگا لە هەندێک هەڵومەرج دا دەتوانێت بڕیار بدات کە دادگێڕی بە بێی ئامادەبوونی جەماوەر بەڕێوە دەچێت و بەشەکانی پێویستی بەڵگەنامەکانی دادگێڕی و بڕیارەکەش بە نهێنی پارێزراو دەمێنن. دادگای دەتوانێت لە هەندێک بابەت دا بڕیار بدات کە دەبێت ناسنامەی قوربانیەکەی تاوان بە نهێنی بپارێزرێت. بۆ نموونە لە بابەتەکانی تاوانی زایەندی دا ئەوها دەکرێت.

دادگا بڕیار لە سەر بەڕێکخستنەوەی دادگێڕی و خەباتەکانی پێویست بۆ پاراستنەوە لە هەر بابەتێک دا بە پێی تایبەتمەندیەکانی ئەو بابەتە دەدات و هەوڵ دەدرێت کە مافەکانی خۆپاراستنەوەی تۆمەتبار کراوەکە بەسینۆر نەکرێت. بۆیە مومکینە کە لە دوو بابەت دا بڕیاری دادگا هاوشێوە نەبێت.

لە بارودۆخەکانی جددیی هەڕەشە دا قوربانیەکانی تاوان دەتوانن داوای نەهێنیکردنەوە زانیاریەکانی پەیوەندی کردنەوە، قەدەخەی ئاساییشی، قەدەخەی نزیکبوونەوە یان تا گۆڕانی ناو یان ژمارە تاکەکەسیی خۆیان بکەن. زانیاریی زیاتر لەم بارەدا دەتوانێت لە کاربەدەستان و خزمەگوزاریەکانی یارمەتیدەر وەربگیرێن. ئەگەر کەسی پارێزراو بە قەدەخە نزیکبوونەوە بۆ وڵاتێکی تری ئەورۆپی کۆچ بکات، دەتوانێت ئەگەر پێویست بێت داوا بکات کە دادگای فەرمانکەری قەدەخەی نزیکبوونەوە فەرمانی پاراستنەوەی ئەورۆپی بۆی دەربکات.

## ٥ قەرەبووکردن
قوربانیەکانی تاوان مافیان هەیە داوا بکەن کە زیانەکی بە هۆی تاوان بە سەریان دا هاتوونە بۆیان قەرەبوو بکرێن لە لایەن بکەرەکانی تاوانەوە. دەبێت قوربانی لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دا یان لە کاتی بەڕێوە بردنی دادگا دا باسی ئەو زیانانە بکات کە بۆی پەیدا بوونە و داوای قەرەبووکردنەوەیان بکات لە تاوانبارەکەوە. قوربانی مافی هەیە کە داوای شتەکانی شکێندراو یان وون کراو، داوای تێچوونەکانی دەرمان و بژیشک و هەروەها بە هۆی ئێش و ئازاری کاتی و ئێش و ازاری بەردەوامیش کە بە سەبەبی توندوتیژی بۆی پەیدا بووە و هەروەها لە هەندێک بارودۆخدا هەروەها بە هۆی ئازاری دەروونیش بکات.

داواکاری گشتی دەتوانێت لە سەر داخوازی قوربانی بە ناوی ئەو داوای قەرەبوو بکات ئەگەر بابەتەکە ڕوون و ئاشکەرا بێت و وەسڵە، فاتوورە یان ڕوونکردنەوەیێکی دیکەی بەڵگەیی بە داواکاری گشتی گەیشتووە لەو بارەدا. زۆربەی جار مەبەست لەوە زیانەکانی ماددین. ئەگەر دادگا تاوانبارەکە ناچار بکات کە قەرەبوو بدات، ڕێککەوتنەوە لە سەر کاتی یان کاتەکانی قەرەبوودانەوە دەتوانێت لەگەڵ تاوانبارەکە بکرێت یان بابەتەکە بدرێت بە دەزگای لێسەندنەوەی قەرەبوو.

قوربانی تاوان بە تایبەتی لە تاوانەکانی توندوتیژی یان زایەندی دا زۆر جار مافی دەبێت قەرەبوو وەربگرێت بە هۆی زیانەکان لە کیسی دەوڵەتەوە. ئەو کاتە داوای قەرەبووکردن لە خەزینەی دەوڵەتەوە (”ڤاڵتیۆکۆنتتۆڕی”) دەکرێت و لە ئەوێوە زیانەکانی کەسایی و ئازار قەرەبوو دەکرێن. بۆ وەرگرتنی قەرەبوو دەبێت قوربانی تاوانەکە بە پۆلیس ڕابگەیێنێت. ئەگەر بابەتەکە لە دادگا دا بەڕێوە ببرێت، دەبێت قوربانی لە ئەوێش داوای قەرەبوو لە تاوانبارەکەکە بکرێت. لە هەندێک هەڵومەرج دا قەرەبوو دەتوانێت هەروەها لە شریکەی تەمینات یان لە دەزگای خانەنشینی نەتەوەیی (”کێلا”) وەربگیرێت.

ئەگەر قوربانیی تاوان بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بۆ دادگا بانگ بکرێت، مافی هەیە قەرەبوو وەربگرێت لە خەزینەی دەوڵەتەوە بۆ خەرجەکانی ئامادەبوونەوەی لە دادگا. بۆ نموونە پارەی ڕۆژانە و هەروەها خەرجەکانی سەفەرکردن و لەدەستدانەوەی موچەی ئەو ڕۆژە دەتوانێت بۆی قەرەبوو بکرێن.

## ٦ موتەرجمی و وەرگێرانی بەڵگەنامەکان

مافی هەرکەسێک هەیە کە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دا و لە دادگێڕی دا فینلەندی یان سویدی بەکار بێنێت. سامییەکان مافیان مافیان هەیە لە دەڤەری خۆیان زمانی سامی بەکار بێنن. ئەگەر پێویست بێت کاربەدەستان دەبێت موتەرجم پەیدا بکەن. قوربانیی قسەکەری زمانێکی دیکە مافی هەیە لە هەموو هەڵومەرجەکانی ڕوونکردنەوەی تاوان دا زمانێک ئەوها بەکار بێنێت کە باش دەزانێت. ئەگەر پێویست بێت کاربەدەستان دەبێت موتەرجم پەیدا بکەن بە زمانێک کە ئەو دەزانێت. دەبێت موتەرجم پەیدا بکرێت لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دا و لە دادگێڕی ئەوکاتەش کە قوربانیەکە بە زمانی ئیشارەت قسە دەکات یان بە هۆی نابینێتی یان لاڵی پێویست دەکات. موتەرجم بەرپرسە لە پاراستنەوەی نهێنیەکان. موچەی موتەرجم لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێت.

قوربانیی تاوان دەتوانێت داوای وەرگێڕانی بەڵگەنامەکانی هەرە گرینگی بابەتەکە بکات. وەرگێڕان دەتوانێت بە دەمیش بێت ئەگەر مسۆگەرێتیی دادیی بەڵگەنامەکان پێویست ناکەن کە بە نووسین بێت. لە هەندێک هەڵومەرجدا دەتوانێت بەشێک یان کورتەباسێک لە بەڵگەنامەکە بۆ قوربانیەکانی تاوان وەربگێڕدرێن.

لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دا قوربانیی تاوان دەتوانێت وەرگێڕاوێک لە پەسەندکردنی ڕاگەیاندنەوەی تاوانە، بڕیاری وازهێنان لە لێکۆڵینەوە و ئەگەر پێویست بێت لە بەڵگەنامەکانی تری هەرە گرینگیش وەربگرێت. لە داواکاری گشتی قوربانیی تاوان دەتوانێت وەرگێڕاوی بڕیاری داوانەکردنەوە وەربگرێت.

لە دادگا قوربانی دەتوانێت وەرگێڕاوی بڕیارەکە، ڕاگەیاندنەوەی شوێن و کاتی دانیشتنەوە و ئەگەر پێویست بێت لە بەڵگەنامەکانی تری هەرە گرینگیش وەربگرێت.

## ٧ ئاشتبوونەوە لە بابەتەکانی تاوانی دا

لەسەر بابەتەکانی تاوانی دەتوانێت ئاشبوونەوە بکرێت ئەگەر هەم قوربانیەکە و هەمیش گومانبارەکە ڕازی ببن. هەروەها شەرتە کە گومانبارەکە خاڵەکانی سەرەکیی ڕووداوەکە قەبووڵ دەکات و ئاشتبوونەوە لە بەرژەوەندیی قوربانیەکە دا یە. ئاشتبوونەوە بە خۆڕایی و دڵخوازی یە و لە هەموو قۆناخێک دا مومکینە واز لێی بهێنرێت. ڕێبەرەکانی دڵخوازانە و فێرکراوی ئاشتبوونە یارمەتیی بەشدارانی بابەتی تاوان دەکەن بۆ گوتوبێژکردن لە سەر ئاشتبوونەوە و قەرەبووکردنەوەکانی زیانەکان بۆ قوربانیەکەی. ئەم خزمەتە دەتوانێت لە نووسینگەکانی ئاشتبوونەوە لە سەرانسەری وڵات وەربگیرێت.

## ٨ زانیاریەکانی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی بابەتەکە

قوربانیەکانی تاوان مافیان هەیە داوای وەرگرتنی زانیاری بکەن دەربارەی بەڕێوەبردنی بابەتەکە، کات و شوێنی بەڕێوەبردن لە دادگا و هەروەها بڕیاری کە لە بابەتەکە دا بدرێت. هەروەها قوربانیی تاوان مافی هەیە کە زانیاری وەربگرێت سەبارەت بە بڕیاری وازهێنانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی یان بڕیاری داواکاری گشتی لەسەر داوانەکردنەوە لە بابەتەکەدا.

## ٩ زانیاری سەبارەت بە ئازادبوونی زیندانی یان دەستگیرکراوی بۆ لێکۆڵینەوە

لە هەندێک تاوانی جددی دا قوربانی مافی هەیە داوای زانیاری بکات دەربارەی ئازادبوونی زیندانی یان دەستگیرکراوی بۆ لێکۆڵینەوە، هەڵهاتنی یان لە هەندێک هەڵومەرجدا دەرچوونی لە زیندانەوە. ئەگەر قوربانیەکە بیەوێت ئاگاداری دەربارەی ئەم شتانە وەربگرێت، دەبێت داخوازیەکەی خۆی لەو بارەدا بە کاربەدەستی لێکۆڵینەوە یان بە دادپرسی گشتی بڵێت. زانیاریی زیاتر لە لایەن کاربەدەستی لێکۆڵینەوەوە دەدرێت.

شەرتی وەرگرتنی زانیاریەکان ئەوە یە کە وا تەخمینا ناکرێت کە پێشکەشکردنی ئەو زانیاریە دەبێت مەترسی لە سەر گیان یان تەندروستیی زیندانیەکە یان دەستگیرکراوەکە.

## ١٠ زانیاریی دیکە

### ئەرک و مافەکانی قوربانی لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دا

کاربەدەستی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی زانیاریی ووردتر سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی خاوەنداوا لە لێپرسینەوە دا دەدات. بۆ نموونە، دەبێت قوربانیی تاوان باسی تاوانەکە و زیانەکانی بکات بە بێ درۆکردن.

## سکاڵاکردن لەسەر بەڕێوەبردنی کاربەدەستان

قوربانی دەتوانێت سکاڵا لە شێوازی بەڕێوەبردنی بابەت لە لایەن کاربەدەستانەوە بکات ئەگەر بە بۆچوونی قوربانیەکە کاربەدەستان بە شێوەیێکی هەڵە یان بە تەرکەخەمی ئەرکەکانی خۆیان بەجێ هێناوە. سکاڵا بە نووسین ئاراستە دەکرێت بە یەکینەی کاربەدەستی کە بە بۆچوونی قوربانیەکە هەڵەی کردووە یان بە کاربەدەستێکی بەرزتر.

ئەگەر داواکاری گشتی داوا لە بابەتەکەدا نەکاتەوە، قوربانیی تاوان دەتوانێت سکاڵا لەسەر ئەمە بکات لە بەردەم داواکاری دەوڵەت کە دەتوانێت بڕیارەکە بگۆڕێت. قوربانیی تاوان دەتوانێت هەروەها لە سەر بڕیار یان بەڕێوەبردنی لە لایەن داواکاری گشتیەوە لە بەردەم داواکاریی دەوڵەت بکات ئەگەر بە بۆچوونی قوربانیەکە هەڵە کرابێت.

قوربانیی تاوان هەروەها دەتوانێت سکاڵا لەسەر بەڕێوەبردنی کاربەدەستان لە بەردەم مافپارێزی پەرلەمان یان ڕاوێژکاری دەستەی وەزیران بکات.

## بەڕێوەبردن کاتێک کە قوربانیی تاوان لە وڵاتێکی دیکە دا تووشی تاوان بووبێت

قوربانیی تاوان دەتوانێت یارمەتی و ڕاوێژکاری لە خزمەتگوزاریەکانی یارمەتیی قوربانیانی تاوان وەربگرێت تا ئەگەر تاوان لە وڵاتێکی دیکەش کرابێت.

ئەگەر قوربانی لە وڵاتێکی دیکەی یەکێتیی ئەورۆپا تووشی تاوان بووبێت، کاربەدەستی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە هەندێک هەڵومەرجدا دەتوانێت ڕاگەیاندنەوەی تاوان و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە نەقڵ بکات بەر دەستی کاربەدەستانی وڵاتێکی دیکەی یەکێتیی ئەورۆپا. شەرتی ڕاگواستنەوەی ڕاگەیاندنی تاوان ئەوە یە کە بۆ نموونە تاوانەکە جددی یە یان قوربانیەکەی نەیتوانیوە ڕاگەیاندنەوەی تاوان لە وڵاتی شوێنی ڕووداوەکە بکات. لە تاوانەکانی جددی دا هەروەها بیر لەسەر ڕاگواستنەوەی بۆ دەرەوەی یەکێتیی ئەورۆپاش دەکرێت.

زانیاریەکانی پەیوەندی بۆ پەیوەندیکردن لەم بابەتانەدا:

## زانیاریەکانی پەیوەندی کردن و زانیاریەکانی دیکە:

بزانە کە زۆرینەی زانیاریەکان تەنیا بە فینلەندی، سوێدی و ئینگلیزین.

- پۆلیس https://www.poliisi.fi/, ژمارەی گشتیی تەنگانە 112

- فریاکەوتن بۆ قوربانیەکانی تاوان: تەلەفۆن 116 006, www.riku.fi

- ماڵەکانی ئاسایشی www.thl.fi/turvakotipalvelut, www.nettiturvakoti.fi

- ناوەندی قەیرانی دەستدرێژایی:

تەلەفۆن 0800 97899, www.tukinainen.fi, www.nettitukinainen.fi :Tukinainen

- تەلەفۆنی یارمەتیی ٢٤ کاتژمێر بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی:

Nollalinja 080 005 005

www.nollalinja.fi/sorani/

- ناوەندەکانی هاوکاریی "سێری" بۆ قوربانی توندوتیژیی سێکس:
https://thl.fi/fi/web/lapset-nuoret-ja-perheet/tyon_tueksi/vakivallan-ehkaisy/seksuaalivakivalta/seri-seksuaalivakivallan-uhrin-tukikeskukset

- زانیاری و نامیلکەکان بۆ قوربانیانی تاوان www.oikeus.fi

- یارمەتیی دادی www.oikeus.fi/oikeusapu

- داواکاری گشتی www.syyttajalaitos.fi

- دادگاکان www.oikeus.fi/tuomioistuimet

- قەرەبووکردنی زیانەکانی تاوان، خەزینەی دەوڵەت: تەلەفۆن 2736 50 0295, www.valtiokonttori.fi

- ئاشتبوونەوە www.thl.fi/sovittelu

- خزمەتەکانی کۆکراو بۆ هاوڵاتی www.suomi.fi/etusivu